**دەزگای سیید داوای نوێکردنەوەی هەوڵەکان دەکات بۆ هێنانەدی بەڵێنەکانی یاسای رزگاربووانی یەزیدیی**
**١ ی ئاداری ٢٠٢٢**

کاتێک یاسای رزگاربووانی یەزیدیی پەسەندکرا لە ١/ ٣/ ٢٠٢١، بووە جێگای شانازییەکی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وەک یەکێک لە یاسا هەرە گرنگەکان و وەک وەرچەرخانێک لە قۆناغی باشبوونەوەی پاش ململانێ لە عێراق هەژمارکرا. ئەم یاسایە گوزارشتی لە یەکەم دانپێنان کرد بەو جینۆسایدەی داعش ئەنجامی دا لە دژی یەزیدیی و کریستیان و تورکمان و شەبەکەکان لە عێراق. هەروەها نموونەیەکی دەگمەنی نیشاندا لە گرتنەبەری هەنگاوی بەکردار لە دەرچواندنی یاسا بۆ قەرەبووکردنەوەی رزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان، کە یەکێکە لەو تاوانانەی نێو ململانێکان کە شاراوەن و تاوانبارانی کەمتر دادگایی دەکرێن. لەبەر ئەوەی ماف و پێویستییەکانی رزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ زۆر جار پشتگوێ دەخرێن، تێپەڕاندنی ئەم یاسایە پێگەی پەرلەمانی عێراقی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڵندکردەوە و یاسادانەرانی عێراقی وەک سەرکردە دانا لە پێشینەدان بە پێویستییەکانی ئافرەتان و پێشکەشکردنی دادوەریی و چارەسەر بۆ رزگاربووان. بەڵام لەگەڵ ئەم هەنگاوە گرنگەی حکومەت و پاش تێپەڕبوونی یەک ساڵ، هێشتا رزگاربووان چاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەن - هەندێکیان بێ داڵدە و بەدەست زەبری دەروونییەوە دەناڵێنن و نازانن کەی شاد دەبنەوە بە کەسە ئازیزەکانیان.

یاسای رزگابووانی یەزیدیی بەڵێنی ژمارەیەک قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی دەدات بە رزگاربووانی ژێر دەستی داعش لە کۆمەڵگای یەزیدیی و کریستیان و تورکمان و شەبەک. قەرەبووکردنەوە ماددییەکان پاڵپشتی دارایی وەک مووچەی مانگانە و پارچە زەوی لەگەڵ قەرزی خانووبەرە یان یەکەیەکی نیشتەجێبوون بە خۆڕایی لەخۆ دەگرێت، هەروەها رێژەی ٢٪ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، مافی گەڕانەوە بۆ خوێندن بێ مەرجی تەمەن، و پێشکەشکردن چاودێری تەندروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ ئاسانکاریی دووبارە تێکەڵبوونەوە و باشبوونەوە. قەرەبووکردنەوەی مەعنەویش دانپێدانانی فەرمی بە جینۆسایدی داعش و یادکردنەوەی ئەم تاوانانە لەسەر ئاستی نیشتیمانی کە لە دژی ئەم کەمینانە ئەنجامدرا، و پابەندبوونی حکومەت بە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی ئەم تاوانانە بێ ئەوەی تاوانباران بتوانن سوود لە لێخۆشبوونی گشتی یان تایبەت وەربگرن وە یان ببەخشرێن لە دادگاییکردن بە هۆی بەسەرچوونی کات (تقادم). بەم قەرەبووکردنەوانە، یاسای رزگاربووانی یەزیدیی دەبێتە هۆکاری پێشکەشکردنی بەهاناوەچوونی گشتگیر و لەمێژە چاوەڕوانکراوە بۆ رزگاربووانی ژێر دەستی داعش پاش تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت ساڵ.

بەڵام بۆ ئەوەی تەواوی یاساکە جێبەجێ بکرێت، پێویستە بودجەی تەواوی بۆ دابین بکرێت بۆ دڵنیابوونەوە کە ئەو دامودەزگایانەی بەرپرسن لە جێبەجێکردنی یاساکە، پرسەرچاوەن بۆ مسۆگەرکردنی بەردەستبوونی خزمەتگوزاری و سوودەکان کە بەڵێنی پێشکەشکردنیان دراوە بە رزگاربووان. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٢١ هەندێک پاڵپشتی دارایی فریاگکوزاری تەرخانکرا بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رزگاربووان، بەڵام ئەو بودجەیەی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی تەواوی یاساکە هێشتا تەرخان نەکراوە لە بودجەی فیدراڵی عێراق. بە بێ سەرچاوەی دارایی پتەو و بەردەوام، یاساکە لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و وەک خەونێک و کۆمەڵێك بەڵێن کە رزگاربووان دەستیان پێناگات.

لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە حکومەتی داهاتوو یەکدەنگی نیشتیمانی نیشان بدات و نیازپاکی بنوێنێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بۆ رزگاربووان. حکومەتی عێراق پابەندە لە ژێر یاسای رزگاربووانی یەزیدیی بە قەرەبووکردنەوەی گشتیی رزگاربووان لە رێگەی دڵنیابوونەوە بە گەیشتنیان بە دادوەریی و پاراستن و پاڵپشتی. ئەمە بەرپرسیاریەتییەکی گرنگە، چوونکە زۆرێک لە رزگاربووان بەردەوام دەناڵێنن بەدەست پێویستیە گرنگەکانیان بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی چاودێری و خزمەتگوزاری شیاوی بەردەست. هاوکاریی مرۆیی بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاوی لە

seed foundation
Social Educational Economic Development

حکومەتی عێراقە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرێت و پێشەوایی بکات لە پاڵپشتی باشبوونەوەی ئەو هاوڵاتییانەی زەرەمەند بوون لە ململانێکاندا. هەربۆیە پێشینەدان بە جێبەجێکردنی یاسای رزگاربووانی یەزیدیی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوون.

لەساڵیادی تێپەڕاندنی ئەم یاسایە، دەزگای سیید داوا لە حکومەتی عێراق دەکات پابەندبوونی خۆی نیشان بدات لە ژێر یاسای رزگاربووانی یەزیدیی لە رێگەی دابینکردنی بودجەی پیویست بۆ جێبەجێکردنی تەواوی یاساکە لە بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٢. تەرخانکردنی بودجە بۆ یاساکە وەبەرهێنانێکی سەرەکییە لە سەقامگیریی و ئاسایش و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان، و گوزارشت دەکات لە پێشەوایی و روانگەی پێویستە بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ هەمووان.